نرخی نەوت بەردەوام لەبەرزبووندایە

نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 15 سەنت بەرزبووەوە و بە 89 دۆلار و 51 سەنت ماملێی پێوەکرا.

نرخی یەک بەرمیل نەوتی سووکی تەکساسی ئەمریکا بە هەمانشێوە بەرزبووەوە و بە 85 دۆلار و 59 سەنت ماملێی پیوەکرا.

هەردوو نرخی نەوتی برێنت و نەوتی سووکی تەکساس لە ماوەی 4 ڕۆژی ڕابردوودا بەردەوام بوون لە بەرزبوونەوە. ڕۆژی چوارشەممەش گەیشتنە بەرزترین ئاستیان لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا.

سەرکی بانکی ناوەندیی ئەمریکاش جێختی لەوە کردووەتەوە کە سوورن لەسەر دابەزاندنی سوودی بانکی، ئەوەش بە ئەرێنی کاریگەری لەسەر نرخی نەوت داناوە.